# پەرجووی ناوەوەی بەرد




حەمە کاکە ڕەش

ئەی ئاو، بە بەلەمی شەپۆلێک
ئەی ئاگر، بە باڵندەی تیشکێک
ئەی با، بە ئەسپی گڤەیەک
بمبەن بۆ ناوەوەی بەرد

**(بەیتە ڕووتەکانی ئاو)**
ئەی مرۆڤ، کە دەچمە ناوەوەی بەرد
ڕووت ڕووت دەبمەوە
پێویستە بۆ ناوەوەی بەرد ڕووت ڕووت بێتەوە

**( بەیتە ساردەکانی ئاگر)**
ئەی مرۆڤ، کە دەچمە ناوەوەی بەرد
سارد سارد دەبمەوە

**(بەیتە کپەکانی با)**
ئەی مرۆڤ، کە دەچمە ناوەوەی بەرد
کپ کپ دەبمەوە
پێویستە بۆ ناوەوەی بەرد
کپ کپ بێتەوە
(هانای مرۆڤ بۆ سێو)
ئەی سێو، سەرابە قسەکانی ئاو
سەرابە قسەکانی ئاگر
سەرابە قسەکانی با




ناتوانم ڕووت ڕووت ببمەوە
ناتوانم سارد سارد ببمەوە
ناتوانم کپ کپ ببمەوە
ئەی سێو
ئەتوانم ئاسمان بکەم بە دۆزەخی باڵندەکان
ئەتوانم مناڵ و چۆلەکە و پەپوولە و گوڵەباخ
پێکەوە بکوژم

**(قسەکانی بۆنی سێو)**
ئەی مرۆڤ، کە ناتوانی
ڕووت ڕووت سارد سارد کپ کپ بیتەوە
ئەتوانی بە خەونێک خەیاڵێک
پیاسەیەک بە زێرابەکانی ناختا بکەیت و
بچیتەوە سەر حەقیقەتی خۆت
ببیت بەکرمێک و بێیتە ناوەوەی من
مــنی سێویش دەتبەم بۆ ناوەوەی بەرد


**(مرۆڤ)**
ئەی سێو، بۆ سەفەری ناوەوەی بەرد
دەرگاکانت بخەرە سەر پشت
منی مرۆڤ وەکو کرمێک
وەک گومانێک لە دڵی خۆتا هەڵگرە

**(چوونە ژوورەوە بۆ ناوەوەی بەرد)**
سەرەتای بینینی شتەکان
ئەمە چ دونیایەکە کە درەختەکان ڕاکشاون ؟!
باڵندەکان بێ باڵ فڕینیان لێ دەڕژێ
باران لە زەوییەوە بۆ ئاسمان دەبارێ
ئەستێرەکان ڕژاونەتە دەریاکانەوە
گوڵەبەڕۆژەکان پشتیان لە خۆر کردووە
بەفر لەکاتی بارینیدا گۆرانی دەڵێ
ماسییەکان لە ئاوەکان هاتوونەتە دەرێ و
بۆن بەگوڵەکانەوە دەکەن
شەمشەمەکوێرەکان یەکی ملوانکەیەک
ڕووناکییان کردۆتە مل
ئەم سرووشتە خەیاڵییە
سەری پڕکردووم لە پرسیار
(پرسیار لە درەختە ڕاکشاوەکان)
سڵاو ئەی درەختەکان



هاتوم لە سێبەرە سپییەکانتانا
کاژی دەروونم فڕێدەم، گوناهەکانم بشارمەوە
منی مرۆڤ منی کرمۆڤ
زێرابێکم لە ناخی خۆما هەڵگرتووە
زێرابێکم لە دڵی باخچەکاندا ڕواندووە
جوانتر بڵێم هەڵاتووم
هەڵاتووم لە دەستی ترس، لە دەستی شەڕ
لە دەستی گومان
لە دەستی تاریکی، لە دەستی بەهەشتی درۆ
لە دەستی دۆزەخ لە دەستی ئاشتی
هەڵاتووم بۆ ناوەوەی بەرد
تا ڕابردووم وەک تەرمێک بنێژم
هەڵاتووم بۆ ئەوەی چی تر
مەرگی ئەو هەموو گوڵ و ئەستێرە و
شەونم و چۆلەکە و ڕێواس و پرتەقاڵانە نەبینم
هەڵاتووم بۆ ئەوەی
جوانییەکی ترو عیشقێکی ترو
خەیاڵێکی تر دروست بکەم
هەڵاتووم بەدیوێکی تردا
شتەکان بنووسمەوە
هەڵاتووم تا لەناو ڕووناکیی شەپۆلەکانی بەرد دا
سەرم،
چاوم بکەم بە هێلانەی خەیاڵ
خەیاڵ خەیاڵ خەیاڵ
ئەی درەختە ڕاکشاوەکان
بۆ بێدەنگن ؟!!!
لە ترسی مردن+ شەر+پیری+ ڕاکشاون
یان حیکمەتی دەنووسنەوە
بۆ بێدەنگن ؟
سەرم وەکو میزڵدانێک
کە منالێکی عەجوول
فوی پیا بکا وا دەتەقی
بۆ بێدەنگن ؟

**(دەنگی لەرینەوەی درەختە ڕاکشاوەکان)**
ئەی مرۆڤ ئەی
ئەی شەڕانیترین ڕۆح
ئێوە بەو دەستەی سلاو دەکەن
هەر بەودەستە پەپوولە دەکوژن




شەڕ سەوز دەکەن
خوێن دەکەن بەژێر گوڵەکانەوە
بەو دەستە مەمک دەگرن
ئاوێتەکانی ئاو دەشکێنن
منداڵەکان پڕ دەکەن لە ترس
بەو دەستەی ئەڵقەی عیشق دەکەن بە پەنجەی عاشقەکانەوە
هەر بەو دەستە ئەڵقەی نارنجۆکەکان ڕادەکێشن
ئەو دەستەی دەیهێنن بە پەرچەمی گوڵەکاندا
هەر بەو دەستە ماچەکان زیندانی دەکەن
ئێوە کە پیاسەیەک بە کەلاوەکاندا دەکەن
جوان دەبنەوە
کە پێ بە تەرمی باڵندەکانا دەنێن، پێدەکەنن
ئێوە گوڵێک بە عاشق نازانن دڵی پڕنەبێ لە تاریکی
ئێوە لە هەموو دێڕێکی ژیانا
بۆشاییەکتان هێشتۆتەوە تەنها بە شەڕو مردن نەبێ
بەهیچ شتێک پڕنابێتەوە
ئەی مرۆڤ:
ئێمەی درەخت لە مەملەکەتی ئێوەدا
هەموو گەڵاکانی خەیاڵمان بەپێوە هەڵوەری
بەپێوە چاوەڕێی عاشقەکان بووین
چاوەڕێی ئەو باڵندانە بووین،
کە هێلانەکانیان بە چڵەکانمانەوە
شەڕی ئێوە ئەنفالی کردن
ئەی مرۆڤ بۆ هاتی؟
ئێمەی درەخت ڕاکشاوین
پشوویەک دەین.. جەللادیی ئێوەمان لە بیرچێتەوە

## (مرۆڤ و باڵندە)

ئەمە چ دونیایەکە
باڵندەکان بێ باڵ چۆن دەفڕن!
باڵندەکان، ئاسمان بە ئێوەوە جوانە
بۆ بێباڵن بۆ!؟
با قەفەسەکان گوڵ دەرنەکەن

## (فڕەی باڵی باڵندەکان)

ئەی مرۆڤ
ئەی باوکی هەموو شەڕەکان
قەفەسەکان شتێک نین ئێوە پڕیان نەکەن لە جوانی
ئێمە بەخەیاڵ دەفڕین، باڵی خەیاڵمان نابینرێ



له ئەزەلەوە بێباڵ بووین
جەللادی و خوێنڕشتنی ئێوە باڵی لێ ڕواندین
ئێمە هەر بە خەیاڵ دەفڕین بە خەیاڵ

**(مرۆڤ و ئەستێرە)**

ئەی ئەستێرەکان
ئێوە گوڵەکانی باخچەی ئاسمانن
بۆ ڕژاونەتە دەریاکانەوە؟
( ورشە قسەی ئەستێرەکان)
ئەی مرۆڤ
حەقیقەتی ژیان لای ئێوە نییە.
ئێمە دەریانشین بووین
لە بۆنی هەناسە و ترپەی پێی ئێوە
هەڵاتووین بۆ ئاسمان
بەو عیشقەوە دەژیایین
لە ئاسمانەوە ورشەمان دەهات لە دڵی دەریاکاندا
ئێستا دوور لە بینینی چاوەکانی ئێوە
دوور لە ترپەی پێ و بۆنی هەناسەی ئێوە
گەڕاینەوە باوەشی دەریا
کە نیشتیمانی باپیرانمانە

**(گفتوگۆی مرۆڤ و گوڵەبەڕۆژە،)**

گوڵەبەڕۆژەکان وەفا جوانە
بۆ پشتتان لە خۆر کردووە.
ئێوە وەک باڵندەیەکی عاشقی خوێن پڕ فڕین
عەودالی تیشکەکانی خۆر بوون
ئێستا پشتان لە خۆرکردووە.
لە باوەشی سێبەردا خەونی ئاویی دەبینن.
چۆن چاوەکانتان پڕ نابن لە تاریکی.

**(قسەکانی گوڵەبەڕۆژە)**

ئەی مرۆڤ بۆ باسی وەفا دەکەی
وەفا منداڵی بوو پێش ئەوەی پێبکەنێت.
ئێوە کوشتان.
ئێمەی گوڵەبەڕۆژە
لە ژیانی لای ئێوەدا
بەدوای خۆردا دەگەڕاین.
چونکە سەرمان پڕبوو لە بەستەڵەکی خەمی ئێوە.
شەڕی ئێوە، ترسی ئێوە.




ئێستا لە بەرد دا
سوپاس بۆ خۆر
لە باوەشی سێبەردا سەرمان پڕە لە خەیاڵ
لە جوانی، لە خۆشەویستی.

**(مرۆڤ و ماسی)**
ئەی ماسییەکان، ئەی پەرجووی ناوەوەی بەرد
ئەی ئێنجانەی شەپۆلەکانی ئاو
چۆن بەچیمەنی باخچەکاندا دەگەڕێن و....
بۆن بە گوڵەکانەوە دەکەن و...
دوور لە چاوی ئاو نامرن.
پوولەکە قسەی ماسییەکان
ئەی مرۆڤ پێت سەیر نەبێ
لە دەرەوەی ئاو بە چیمەنی باخچەکاندا
دەگەڕێین و بۆن بە گوڵەکانەوە دەکەیین
دڵمان پڕە لە خۆشەویستیی گوڵ و...
باخچە و باڵندەکان،
بەڵام لە ژیانی لای ئێوەدا
دەرەوە و ناوەوەی ئاوتان
پڕکردبوو لە شەڕو ترس و تەرم
لە ترسی ئێوە بوو،
کە لە ئاو دەرتان دەهێناین، دەمردین.
ئەی مرۆڤ، بۆ هاتی
ئێستاش زامی نووکی قولاپەکانی تۆ
لەسەر گیانمان خوێنی لێ دەتکێ.

**(مرۆڤ و شەمشەمەکوێرە)**
شەمشەمەکوێرەکان
ئێوە لە ژیانی ئێمەدا
گوڵە ڕەشەکانی باخچەی تاریکی بوون
ئێستا بۆ تاریکیتان تەڵاق داوە و...
یەکی ملوانکەیەک ڕووناکیتان کردۆتە مل

**(قسە ڕووناکەکانی شەمشەمەکوێرە.)**
ئەی مرۆڤ
ئەی درەندەترین ڕۆحلەبەر
ئێمە گوڵە ڕەشەکانی باخچەی تاریکی نەبووین
ڕووناکترین ڕووناکی لە دڵی ئێمەدایە
لە ترسی ئێوەی ڕووناکی کوژ
خۆمان لە دڵی تاریکیدا دەشاردەوە




تا نەمانبینن
تا ڕووناکی سەلامەت بێت.

**(مرۆڤ و باران)**
ئەی باران تۆ لە هەموو دڵۆپێکتدا
گوڵێکت هەڵگرتووە
توو سەری ئەو گوڵانە
بۆ لێرە لە ناوەوەی بەرد
لە زەوییەوە دەبارێیت بۆ ئاسمان

**(لۆپە قسەکانی باران)**
ئەی مرۆڤ ئەی وشکترین ڕۆح
ئەی جەللادی جوانییەکان
زەوی نیشتیمانی منە
کاتێ ئێوە لە بەهەشت دەرکران
پێتان خستە سەر ئەم خاکە
من سەری خۆم هەڵگرت بۆ ئاسمان
لە ئاسمانەوە بەگریانەوە دەگەڕێمەوە نیشتیمان
کە لەژێر پێکانی ئێوەدا ویران بووە.
ئێستا لە ناوەوەی بەرد
دوور لە سەنگەری شەڕەکانی ئێوە
لە نیشتیمانەوە دەبارێم بۆ ئاسمان
وەک وەفای دەربەدەرێک ئەم دڵۆپە سڵاوانەی بۆ دەنێرم.

**(مرۆڤ و بەفر)**
ئەی بەفر
ئەی سپییترین خەیاڵ
توو جوانیی چاوە سپییەکانت
بۆ لە ژیانی ئێمەدا
دونیایەک غەمت لێ دەڕژا.
ئەی ئێستا بۆ لە ناوەوەی بەرد
لەکاتی باریندا گۆرانی دەڵێی


**(کلوەقسەکانی بەفر)**
ئەی مرۆڤ ئەی ڕەشترین ڕۆح
من لە ژیانی لای ئێوەدا
کە دەگەیشتمە سەر زەوی
بەر لەوەی چاوەکانم هەڵبێنم
بەر لەوەی ڕیشۆڵەیەک بدوێنم،



شوێنپێیەکانی ئێوە وێرانی دەکردم
ئێستا لە ناوەوەی بەرد دا
دڵنیام پێیەک، دەستێک نییە لەکەدارم بکات
بۆیە گۆرانیی دڵنیایی دەڵێم.

**(دواین دەرکەوتنی مرۆڤ لە ناوەوەی بەرد**
**بینینی خواوەندی خۆشەویستی لە ناوەوەی بەرد )**
سڵاو لە خواوەندی خۆشەویستی
ئەی خواوەندی خۆشەویستی
منی مرۆڤ هەڵاتووم بۆ ناوەوەی بەرد
دەمەوێت دونیایەکی نوێ ببینم
دەمەوێ چیتر مەرگی گوڵ و شەونم و ئەستێرە و
هەنار و چۆلەکەو مناڵ و کۆترو ژن و پەپوولەو...
ئاوێنە نەبینم.
هەڵاتووم لە دەستی خۆم، لە دەستی خوێن
لە دەستی گومان، لە دەستی تاریکی
لە دەستی دۆزەخ، لە دەستی ئاشتی
لە دەستی... لە دەستی... لە دەستی
هەڵاتووم دەمەوێ وەک شەپۆلی ئاو
وەک گەڵای دارپرتەقاڵ
وەک گوڵێک
وەک پێکەنینی کچێک
ڕۆحم پڕکەیت لە خۆشەویستی
ئەی خواوەندی ناوەوەی بەرد
پڕ پڕم لە وێنەی شەڕ و ترس و تەرم
لە ئامێزم بگرە
با پاک ببمەوە پاک.


**(قسەکانی خواوەندی خۆشەویستی)**
ئەی مرۆڤ
ئەی بێوەفاترین ڕۆح
وەرە لە ئامێزت بگرم، پاکبوونەوە سانا نییە!
ئەی مرۆڤ ژیان بێ خۆشەویستی ئاوێکە مردوو.
ئاوێنەیەکە تاریک
خەونێکە پڕ لە ترس
ئەی مرۆڤ ئاگاداری گیانم بە
گیانم ناسکترە لە جوانی
ناسکترە لە خەیاڵ
ناسکترە لە فڕینی کۆترێک



ناسکترە لە بەربوونەوەی دڵۆپێک ئاو
لە دەمی گۆزەیەکەوە
ناسکترە لە هەستی نانێک لە دڵی ئاگردا
ئەی مرۆڤ ئاگادار بە
بەرگەی ڕوانینەکانی تۆ ناگرم
بەرگەی هەناسەکانی تۆ ناگرم
بەرگەی حیکایەتەکانی تۆ ناگرم
بەرگەی فێڵەکانی تۆ ناگرم
بەرگەی یارییەکانی تۆ ناگرم
ئەی مرۆڤ گەرەکتە پڕ بی لە خۆشەویستی
جریوەی چۆلەکە مەشێوێنە
پێ مەخەرە هیچ ئاوێکەوە
تا دڵی شەپۆلەکانی نەخوێنیتەوە
بۆنی هیچ گوڵێک مەکە تا لە ناسکیی نەگەی
ئەی مرۆڤ گەرەکتە پڕبی لە خۆشەویستی
ژیان وەک سێوێک ببینە و بەتەنیا مەیخۆ
وەک بەفر سپی سپی بدوێ
وەک ڕووناکی سادە بە
وەک جوانی کپ بە کپ
وەک منداڵ پاک بە پاک
وەک باران ژیان تازە کەرەوە.

**(پاڕانەوەی مرۆڤ لە خواوەندی خۆشەویستی**
**دوای هەوڵی کوشتنی خواوەند)**

ئەی خواوەند،
بمبوورە هەڵەم کرد هەڵە
خۆم دایەدەستی ئارەزووە شێتەکانم
ویستم بتکوژم
بمبوورە نەمتوانی ناسکیی تۆ
جوانیی تۆ بپارێزم
بمبوورە دەستی خۆشەویستی تۆم شکاند
چاوی پڕ ڕوانینی خۆشەویستیی تۆم کوێرکرد
ئەی خواوەندی خۆشەویستی
ئیمانم بە فەرموودەکانت نەهێنا
بڕوام نەکرد لە جوانی، لە خەیاڵ
لە فڕینی کۆترێک  ناسکتربێت
نەمتوانی جریوەی چۆلەکە نەوەرێنم
نەمتوانی دڵی ئاوەکان نەشکێنم
نەمتوانی لە ناسکیی گوڵ بگەم




ژیان وەک سێویک ببینم
وەک بەفر بەسپێتی بدوێم
وەک ڕووناکی سادەبم
نەمتوانی
وەک منداڵ پاک بم
وەک جوانی کپ بم
نەمتوانی وەک باران ژیان تازە بکەمەوە
ئەی خواوەند بمبوورە خەتام کرد خەتا
چاوی تۆم کوێرکرد
دەستی تۆم شکان، بمبوورە نەمتوانی پاک ببمەوە
نەمتوانی پربم لە خۆشەویستی
خەتام کرد خەتا خەتا خەتا!!!!!!!!!!!!!!!!!!

**(دەنگەکانی ناوەوەی بەرد بۆ دەرکردنی مرۆڤ)**

ئەی مرۆڤ، ئەی شەڕانیترین ڕۆح
ناتوانی پاک بیتەوە نا.
بۆ دەرەوە لە ناوەوەی بەرد
تۆ شایەنی خۆشەویستی نیت
پڕپڕی لە فێڵ و درۆ و شەڕ
تۆ جەللادی جوانییەکانی
بڕوات نەهێنا بەخۆشەویستی و خەیاڵ و پاکی و...
سادەیی و جوانیی و تەبایی و ئاشتی
تۆ پڕی لە تاریکی
ئەی مرۆڤ بۆ دەرەوە لە ناوەوەی بەرد
ئێمەی دانیشتوانی ناوەوەی بەرد
بڕوامان بە کوشتن نییە، بۆیە ناتکوژین
بۆ دەرەوە لە ناوەوەی بەرد
بۆ دەرەوە.

**(پەشیمانییەکانی مرۆڤ دوای ئەوەی لە ناوەوەی بەرد فڕێی دەدەنە دەرەوە)**

خەتام کرد پەشیمانم
چاوی خواوەندی خۆشەویستییم کوێرکرد
دەستی خواوەندم شکاند
ڕەنگەکانیم بریندار کرد
جوانییەکانیم شێواند
دانیشتوانی ناوەوەی بەرد دەریانکردم
فڕێیاندامەوە باوەشی ئەم سروشتە شێواوەی شەڕەکانی ئێمە
بەتاڵی کردۆتەوە لە جوانی وعەشق و خەیاڵ.
ئەوەتا تەرمی ماسییەکان بەسەر ئاوەکانەوە (با) یارییان پێدەکات
درەختەکان دەڵێی تەرمن بەپێوە وەستاون
ئاخ چەند پەشیمانم بۆ دونیای ناوەوەی بەرد



ئاخ بۆ جوانیی ناوەوەی بەرد
ئاخ بۆ عەشقی ناوەوەی بەرد
ئەی سێو پەشیمانم پەشیمان
دەستم بگرەو بمبەرەوە بۆ ناوەوەی بەرد
تا نوێژی پاکبوونەوە بکەم
ئەی سێو تەنیا ئەم جارە دەستم بگرەو بمبەرەوە بۆ ناوەوەی بەرد
ئەی سێو ئەی سێوە ئەی سێووووووووو

**(کە مرۆڤ بانگی سێودەکات تا بیباتەوە بۆ ناوەوەی بەرد**
**جەللادێک بە دەنگییەوە دێت)**

**(جەللاد)**
ئەی مرۆڤ وڕێنەی چی دەکەیت!
خواوەندی خۆشەویستی و ناوەوەی بەرد
خەیاڵن خەیاڵن، بەتاڵن بەتاڵن
بۆ بانگی سێو دەکەیت لە چی؟ پەشیمانی
دونیایەک نییە جوانترو پاکترو پڕ عەشقتر
لە دونیای سێبەری شەڕەکان
ئەی مرۆڤ، سێو و خواوەند و ناوەوەی بەرد خەیاڵن
کڕنوش بەرە بۆ خواوەندی شەڕەکان.

**(دوا قسەی مرۆڤ بۆ جەللاد)**
ئەی جەللاد نەفرەت لە خواوەندی شەڕەکان
نەفرەت لە عیشق و جوانی و پاکی سێبەری شەڕەکان
ئەی جەللاد، دونیایەک هەیە
لە ناوەوەی بەرد پڕ پڕە لە عیشق و جوانی و پاکی و خەیاڵ و
سادەیی و فڕین.
خواوەندی خۆشەویستی لەوێیە
من لەوێ لەناوەوەی بەرد
چاوی خواوەندی خۆشەویستیم کوێرکرد
دەستی خواوەندم شکاند
ڕەنگەکانیم بریندارکرد
جوانییەکانیم شێواند.
ئەی جەللاد پەشیمانم پەشیمانم
نەمتوانی پاک ببمەوە
بمکوژە ئەی جەللاد بمکوژە
شایەنی کوشتنم.

2000

سوپاس بۆ هاوڕێی ڕۆماننووس کاروان عومەر کاکەسوورە کە هەڵەی ڕێنووسی ئەم شیعرەی ڕاستکردەوە.